# کوردستانم

هیوا عەبدوڵا کەریم



خۆشمئەوێی کوردستانم
بەبێ تۆ وێرانەماڵم
بەبێ تۆ ئاوازێکم
کەس حەز بە بیستنم ناکا
بەبێ تۆ برینێکم
سارێژبوونم زۆر مەحاڵە،
بەبێ تۆ هیوایەکم
بێ هیوا ئەگوزەرێنم
لەو ڕۆژەوەی بەجێمهێشتووی
لەو ساتەوەی لە تۆ دوورم
بە نامۆیی خۆم ئەبینم
لەگەڵ ئازار خۆم ئەدوێنم،
سەد جاریتر ئەنفال بکرێم
بە غەردەڵ ئاوڕشێن بکرێم
لەپێناوتا شەهید بکرێم
خۆشەویستیت لە ناخمایە
بە گەورە ترین کۆسپی ژیان
کۆتایی بەو عەشقە نایە،
خۆشمئەوێی کوردستانم
بۆ بینینت پەرێشانم